من تەوقە لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەم، بەڵکو قسەم بۆ سەد ئافرەت وەکو قسە کردنم وایە بۆ یەك ئافرەت

لە ئومەیمەی کچی روقەیقەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتی ئەنساڕیدا هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی بەیعەتی پێبدەین، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، بەیعەت وپەیمانت پێدەدەین کە بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەین، ودزی نەکەین، وزینا نەکەین، وبە هیچ جۆرێك بوهتان وخیانەت نەکەین، ولە چاکەدا سەرپێچی فەرمانت نەکەین، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «لەوەی لە تواناتاندایە»، دەڵێت: ووتمان: خودا وپێغەمبەرەکەی بە بەزەیی ترن بۆمان، دەستت بێنە با بەیعەتت پێبدەین ئەی پێغەمبەری خودا، بەڵام پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من تەوقە لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەم، بەڵکو قسەم بۆ سەد ئافرەت وەکو قسە کردنم وایە بۆ یەك ئافرەت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه الترمذي والنسائي وابن ماجه)]

ئومەیمەی کچی روقەیقە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەو لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئافرەتانی ئەنساڕ هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی بەیعەت پێبدەن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن، ودزی نەکەن، وزیان نەکەن، وبە هیچ جۆرێك بوهتان وخیانەت نەکەن، ولە چاکەدا هەرگیز سەرپێچی نەکەن، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لەو شتانەی لە توانای ئێوەیدایە. ووتمان: خودا وپێغەمبەرەکەی بەڕەحمترن بەرامبەر بە ئێمە، وەرە با بەیعەتت پێبدەین ئەی پێغەمبەری خودا بە تەوقە کرنی دەست هەروەکو پیاوان، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من تەوقە لەگەڵ ئافرەتان ناکەم، بەڵکو قسە وبەیعەت وەرگرتنم لە سەد ئافرەت وەکو قسە وبەیعەت وەرگرتنم لە یەك ئافرەت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66196